
دادگای فیدراڵی سکاڵیکی کاردیناڵ لویس ساکۆی لەدژی دەرکردنی مەرسومی کۆماری ڕەتکردەوە



دادگای باڵای فیدراڵی عیراق سکاڵای یاسایی کاردیناڵ لویس ساکۆی لەدژی دەرکردنی مەرسومی کۆماری ژمارە ٣١ی سەرکایەتی کۆماری عیراق ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند:"ڕێکارەکانی دەرکردنی مەرسومەکەی سەرکۆمار دروستە". دادگای فیدراڵی لە بڕیاننامەیەکدا جەختیکردەوە:" دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاریدا بەڕەتکردنەوەی داوای سکاڵاکار مارلویس ڕەفائیلی یەکەم ساکۆ پاتریارکی بابل بۆ کلدانەکانی عیراق و جیهان، لەبەرنەبوونی هیچ بنگەیەک کە پێچەوانەی ڕاستی و دروستی ئەو ڕێکارانە بێت، کە مەرسومی کۆماری ژمارە ٣١ی ساڵی ٢٠٠٣ی بە دەرچووە و لە ڕۆژنامەی وەقایعی عیراقی ژمارە ٤٧٢٧ لە ٣-٧-٢٠٢٣ باڵاوکراوەتەوە.